## ڕێبوار ئەحمەد، سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقی:

# پێمان دەڵێن حیزبێکی بچوکن، ئەگەر وایە بۆچی مۆڵەتمان پێنادەن

هەڤپەیڤین: هەڵۆ مەرگەیی

*** لەماوەی ڕابردوودا سلێمانی و ناوچەی گەرمیان شەپۆلێك نارەزایەتی بەخۆیەوە بینی، کە خەڵکێکی زۆر گیران و لەناویاندا ژمارەیەك ئەندامی ئێوەشی تێدابوو، خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم نارەزایەتیانە چییە؟**

– هۆکاری ئەم نارەزایەتیانە زۆر ئاشکرایە، بێزاری و تووڕەیی خەڵك لەدەسەڵاتی ئەم حیزبانەو لەراورووت و گەندەڵی سەراپاگیر، بەوپەڕی خۆی گەیشتووە. بۆ ١٥ ساڵ دەچێت ئەم حیزبانە داهاتی ئەم کۆمەڵگایە بە تاڵان دەبەن، ڕۆژ بەڕۆژ خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی ژیانی ڕۆژانە بەرەو خراپی دەڕوات، گرانی کەمەرشکێن پەرەدەسەنێ، ڕۆژ بەڕۆژ هەژاری لەرادەبەدەر بەرۆکی جەماوەری ملیۆنی خەڵك دەگرێت و کەمایەتییەکی زۆرکەمیش لە بەرپرسان و سەران و دەست و پێوەندەکانی ئەحزابی حاکم، لەنێو سەروەت و ساماندا نوقم دەبن. خەڵك بە تەجروبەی عەمەلی بۆی دەرکەوت کە لەسایەی ئەم دەسەڵاتەدا بەردەوام ژیان و گوزەران و خومەتگوزاری و مافەکانی بەرەو خراپترو خراپتر دەڕوات.

خەڵك سەدو یەکجار لەسەرانی ئەم حیزبانە بەڵێنی بنبڕکردنی گەندەڵی و دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان وەرگرت، چەندجار بەوادەو بەڵێنی ئەم حیزبانەو کەمپینەکانی هەڵبژاردنیان خۆشباوەڕبوون، چەندجار گوێیان بۆ لافی کتلەکانی ناو ئەم حیزبانە هەڵخست، کە ویستیان مەرامی خۆیان گرێدەن بە ئاواتەکانی خەڵکەوە، ١٥ ساڵ خەڵك گوێی بۆ پاساو و بەهانە جۆراوجۆرەکانی ئەم حیزبانە هەڵخست و سەرئەنجام دەرکەوت بروبیانوی ئەوان بۆ تاڵانچێتی دوایی نایێت و خەڵك دەبی خۆی کارێك بکات.

نەبونی ئاوو کارەباو سوتەمەنی، لە گەرمای پروکێنەری هاویندا، بووە هۆی ئەوەی تووڕەیی پەنگخواردووی خەڵك لەم چەند هەفتەیەدا، لەئاستێکی فراواندا بتەقێتەوە.

لەبەرامبەریشدا ئەو شێوازەی کە دەسەڵات گرتیەبەر بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم نارەزایەتیانە، لە کۆکردنەوەی هێزی زۆرو زەبەنی ئاسایش و پێشمەرگە بۆ سەرکوتی خەڵك، لە تەقەکردن لە خۆپیشاندەران، لە ڕاونان و گرتن و زیندانی کردن، لە ئەشکەنجەدانی زیندانییەکان، لە هەوڵدانی بێهودە بۆ پاکانە پڕکردنەوە بە زیندانییەکان... هەموو بەڵگەی دیکەن بۆ سەلماندنی ئەو قسانەی لەپێشەوە باسمکرد. بەڵگەی ئەوەن کە ئەم دەسەڵاتە دەیەوێ بەردەوام بێت لەسەر گەندەڵی و تاڵانی و ڕاورووت، ئامادە نییە گوێ لەخواست و داواکانی خەڵك بگرێت، ئامادە نییە گرفتەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك چارەسەر بکات، هەر کەسیش نارەزایەتی دەربڕێت و خواست بەرزبکاتەوە، بەچەکی ئاسایش و پێشمەرگە، بە زیندان و ئەشکەنجە، سەرکوتی دەکات. دەسەڵات دەزانێ تازە فریوکاری دادی نادات پەنا بۆ سەرکوت دەبات، بەڵام لەوکاتەوە کە سەرکوت لەم ئاستەدا بەرامبەر خەڵك هاتەکایەوە، تازە دەورانی سازانی خەڵك و دەسەڵات بەسەردەچێت، ئیتر دەورانی ئەوەیە کە خەڵك چۆن کاری خۆیان لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە یەکلابکەنەوە.

*** بۆچی چالاکییەکانتان لەرووی بەشداری و هاندانی خەڵك بۆ خۆپیشاندان تەنیا لە سلێمانی و ناوچەکانی یەکێتییە؟**

– دەکرێت هەمان پرسیار دەربارەی ئەوە بکەین کە بۆ دەسەڵات و نفوزی پارتی لەهەندێك ناوچەو دەسەڵات و نفوزی یەکێتی لە هەندێك ناوچەی کوردستاندا هەن؟ هەر حیزبێکی دیکەی سەر گۆڕەپانی سیاسی عیراقیش لە هەندێك ناوچە نفوزو هەڵسورانی زیاتری هەیە و لەهەندێك ناوچە هەر نییەتی. ئەمە گەلێك هۆکاری سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی و کاریگەری ناوچەیی جۆراوجۆری هەیە. بۆ چەپ و کۆمۆنیزم لە کوردستانیش هەر بەمجۆرەیە، بەهۆی کۆمەڵێك لەو هۆکارانەوە چەپ و کۆمۆنیزم لە ٣٠-٣٥ ساڵ لەمەوبەرەوە لەناوچەکانی سلێمانی و کەرکوك و دەوروبەریان نفوزو هەڵسورانێکی زیاتری بووە، بەدیاریکراویش کاریگەری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران لەسەر ئەم ناوچەیە زیاتربووە. بەهێزی کۆمۆنیزم لەم ناوچانە بووەتە هۆی ئەوەی دەورو هەڵسورانی زیاتر بێت. بەڵام ئەمە بە هیچ شێوەیەك بۆ ئێمە قاڵبێك نییە کە هەڵسورانی خۆمانی پێوە بەرتەسك بکەینەوە، هەوڵمان بۆ ئەوەیە لە هەموو ناوچەیەك هەڵسورانی خۆمان پەرەپێبدەین. هەر ئەم ماوەیە حیزبی ئێمە دەوری بەرچاوی بوو لە نارەزایەتییەکانی شاری هەولێر، بەتایبەتی نارەزایەتی خوێندکارانی زانکۆ.

*** لەم ماوەیە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ڕایگەیاند کە شکات لە یەکگرتووی ئیسلامی و مەلا بەشیر دەکات و بەکردەوە ئەمەتان کرد؟ ئایا دوای ئەم چەند ساڵە بۆچی ئێستا ئەم هەنگاوە دەنێن، یاخود تا چەند دڵنیان لەوەی سەرکەوتوو دەبن لە دادگادا؟**

– ئێمە هەر لەسەرەتای ڕووداوی تیرۆرکردنی هاوڕێیانمان شاپور عەبدولقادرو قابیل عادلەوە ڕامانگەیاندووە کە ئەو کارە تیرۆریستیە لە هەناوی کێشمەکێشێکی ئێمە لەگەڵ تیرۆریزمی ئیسلامیدا ڕوویداوە، بەدیاریکراویش دەوری یەکگرتووی ئیسلامی و مەلا بەشیر لەو ڕووداوەدا زۆر ئاشکرابوو. چەند ڕۆژ پێش تیرۆرکردنی هاوڕێیانمان، ئەو مەلایە وەکو قسەکەرێکی ئیسلامیەکان فتوای لەدژی کۆمۆنیستەکان ڕاگەیاند و ئەو فتوایەش لە تەلەفزیۆنی یەکگرتوی ئیسلامیەوە بڵاوکرایەوە. هەڵبەت ئەمە دڵۆپێکە لە دەریایەك پروپاگەندەی تیرۆریستی کە یەکگرتوو لەم چەند ساڵەدا کردوویەتی. ئێمە هەر ئەوکات هەوڵی خۆماندا، بەڵام بەتایبەتی ئەوکات بەهۆی لاواندنی تیرۆریزمی ئیسلامی لەلایەن ئەحزابی ناسیونالیستی دەسەڵاتدارەوە، چ بۆ دڵڕازی کردنی کۆماری ئیسلامی و چ بۆ ڕاگرتنی بەلانسی سیاسی لەچوارچێوەی شەڕی ناوخۆی ئەو حیزبانەدا، بواری ئەم کارە بەتایبەتی لەڕێگای دادگاوە نەهێڵرایەوە. ئەوکات دەسەڵات بەکردەوە پشتیوانی لە ئیسلامییەکان کرد، چەند ڕۆژ دوای ئەو ڕووداوە خودی مەلا بەشیر لەکۆبوونەوەیەکی حکومەت لەگەڵ مەلاکان ستایش کرا و بنکەی یەکێتی بێکاران و ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانیش لەلایەن دەسەڵاتەوە داخرا. ئێستا هەلومەرج گۆڕانی بەسەر هاتووە، خەتەری تیرۆریزم لەسەر کۆمەڵگاو لەسەر خودی ئەحزابی حاکمیش زۆر گەورەتر بووە، هاوکات دەسەڵاتداران لەدەمی بەرپرسانیانەوە خەریکن بەڵگەی زیاتر لەسەر ڕاستی قسەکانی ئێمە باس دەکەن. هەڵبەت مەبەست و مەسەلەی ئێمە تەنها بە سزاگەیاندنی ئەو دەستە تیرۆریستیە نییە کە لەپشتی تیرۆری هاوڕێیانمانەوە وەستاوە، بەڵکو ئێمە هەست بەو خەتەرە تیرۆریستیە گەورەیە دەکەین کە لەسەر کۆمەڵگا هەیە، دەمانەوێ ئەمە بکەینە هەنگاوێك بۆ وەستانەوە دژی خەتەری گەورەی تیرۆریزم لەسەر کۆمەڵگا. دەربارەی ئەوەی کە ئایا سەرکەوتوو دەبین؟ من لە یەك ڕستەدا دەڵێم ئەگەر دادگای عادلانە لە ئارادا بێت و بەدوای لێکۆلینەوە لە بەڵگەی واقیعیەوە بیت، بێشك سەرکەوتوو دەبین.

*** یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێت دەستێك لە پشتی ئەم هەوڵەی حیزبی کۆمۆنیستەوە هەیە؟**

– کە وایە خۆ دەمیان نەگیراوە بۆ دەستەکە ئاشکرا ناکەن. بەڵێ دەستی حەقیقەت لەپشتی ئەم مەسەلەیەوە ڕاوەستاوە. بەڵام ئەمە ئیتر بووە بە قەوانێکی سواو بۆ شێواندنی ڕاستییەکان لەلایەن هەموو لایەن و هێزێکی کۆنەپەرستەوە، لێدەدرێتەوە.



یەکێتی و پارتی دەڵێن "دەستێك" لەپشتی خرۆشان و نارەزایەتی خەڵکەوە هەیە، یەکگرتوش وا دیارە لە لێدانەوەی ئەو قەوانە سواوە زیاتر قسەیەکی پی نییە.

*** لەم ماوەیەی ڕابردوودا چوار لایەنی سیاسی (بەرەی گۆڕانی دیموکراتی) یان وەکو ئۆپۆزیسیۆن ڕاگەیاند، ئێوە چۆن دەڕواننە ئەم بەرەیە؟ ئایا ئێوە بانگهێشتی ئەم بەرەیە کراون؟**

– ئەم بەرەیە بە بڕوای من بەرەی ناسیونالیزمی کوردی پەراوێز کەوتووە، لەڕوانگەی خەڵك و ئەو نارەزایەتییە فراوانە جەماوەریەی ئێستاوە، نەکەوتوتە هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆنەوە بەرامبەر دەسەڵاتی ئەحزابی ناسیونالیست، بەڵکو کۆمەڵێك نارەزایەتی و ڕەخنەی لاوەکیان هەیە لە دەسەڵات، بەدەورو بەشی خۆیان ڕازی نین. خۆیان بەشێکن لەو بزووتنەوە ناسیونالیستیەی کە لە کوردستاندا ئیمتحانی خۆیداوەو سازگاری لەگەڵ خواست و ویستی خەڵك پەیدا نەکردوە. هەڵبەت ئەوان تائێستا پلاتفۆرمێکیان ڕانەگەیاندوە، بەڵام بەپێی خەتی سیاسی لایەنەکانی ئەوە ڕۆشنە کە ئەوان هیچ بەدیلێکی نە باشترو نە پێشڕەوترو نە جیاواز لەناسیونالیزمی کوردی دەسەڵاتەکەی ئێستای نوێنەرایەتی ناکەن. ئەمە وەڵامدەرەوەی گرفت و کێشەکانی کۆمەڵگای کوردستان نییە، پەیوەندی بە داهاتوویەکی باشترەوە نییە، بەڵکو بەشێکە لە بەدیلێك کە کاتی بەسەر چووەو کۆمەڵگا خەریکە تێی دەپەڕێنێت. دیارە حیزبی ئێمە وەکو حیزبێکی مارکسستی ڕادیکاڵ، کە نوێنەرایەتی بزووتنەوەو ئاسۆو بەدیل و بەرنامەی ئالوگۆڕێکی بنەڕەتی دەکات لەکۆمەڵگادا، سازگاری سیاسی لەگەڵ ئەم بەرەیە نییە. هەر بۆیە دەعوەتکردنمان بۆ بەرەیەکی بەم جۆرە مەوزوعیەتی نەبووەو نییە.

*** بۆچی تاکو ئێستا مۆڵەتتان نییە لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان وەکو لایەنیکی سیاسی؟**

– ئێمە هەر لەسەرەتای دامەزراندنی حیزبەوە، سەرباری هەر ڕەخنەیەك کە لەیاسای حیزبەکان بوومان، ویستمان مەیدانی خەباتی یاسایی بۆ خۆمان بکەینەوەو بەپێی مەرجەکانی دەسەڵات داوای خۆمان خستەڕوو. بەڕەسمی وەڵام نەدراینەوە، بەڵام وتیان بەپێی ئەو یاسایە هەر داوایەك کە ٤٠ ڕۆژی بەسەردا تێپەڕی و وەڵامی نەبوو، مانای وایە قبوڵ کراوە. دواتر ئەوان بەبێ ئەوەی وێنەی مۆڵەتەکەمان بدەنە دەست، بەتایبەتی یەکێتی، وەکو حیزبێکی یاسایی لەگەڵ ئێمە مامەڵەیان دەکرد، تەنانەت بۆ ماوەی نزیکەی ٢ ساڵ بەپێی یاسای حیزبەکان کە خۆیان پەسەندیان کردووە، ئێمە بودجەیەکی ٥٠ هەزار دیناریمان لە حکومەتی یەکێتی وەردەگرت، کە بەپێی سیاسەتی خۆمان بڕیارماندا بۆ کاروباری حیزب خەرجی نەکەین و لە پرۆژەی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری و فریاکەوتنی خەڵکدا خەرجمان کرد. دوای هێرشی یەکێتی بۆ سەر بنکەکانی ئێمە لە ١٤ی تەمموزی ٢٠٠٠دا بە دور لە هەموو جۆرە دابونەریت و یاسایەکی مەدەنی و دیموکراسیەك کە خۆیان باسی لێوەدەکەن، ڕێك بە مەنتقێکی میلیشایی کە مەلا بەختیار ڕاشکاوانە لە گفتوگۆی لەگەڵ ڕادیۆیەکی کوردی وڵاتی سوێددا پێی لێنا، ڕایانگەیاند کە هەڵسورانی حیزب قەدەخە کراوە.

ئێمە جارێکی تر لەکاتی کۆنگرەی دووەمی حیزبمان لەدیسەمبەری ٢٠٠٢ کە ویستمان بە ئاشکرا لە سلێمانی بەرپای بکەین و یەکێتی ڕێگای لێگرت، دووبارە داوای مۆڵەت و هەموو مەرجەکانیمان خستەوە بەردەم دەسەڵاتی یەکێتی، بەڵێنیان دابوو زۆر بەخێرایی وەڵاممان بدەنەوە، بەڵام ئەویش هیچ وەڵامێکی ڕەسمی نەبوو. چەند مانگ لەمەوبەر دیسان دوای ئەو پرۆسەیەی کە ناوی نراوە یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکەو دوای ئەوەی مسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی لە وتەکانیان بەبۆنەی وەرگرتنی پۆستەکانیانەوە، چەند جار ئەوەیان دووپات کردەوە کە ئازادی سیاسی بۆ هەموو حیزب و لایەن و بیرو باوەڕێك مسۆگەر دەکەن و زەخت و ڕەقابە لەسەر ئازادی سیاسی دانانێن، جارێکی دیکە داوای مۆڵەتمان کردووەتەوە. تائێستا وەڵاممان وەرنەگرتوەتەوە. ئێوە وەکو ڕۆژنامەنووس بپرسن لە دەسەڵات، کە بۆچی هەرچی حیزب و دەستەی کۆنەپەرست و تیرۆریست و بەکریگیراویش هەیە، مۆڵەت و بودجەی پێدەدرێت، بۆچی مۆڵەت بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری نادرێت. ئێمە لە ئوستڕالیاوە تا کەنداو ئەمریکا، تا سەراسەری ئەوروپا، لەبەسرەوە تا بەغداو کەرکوك و سلێمانی و هەولێر...و ... پێمان دەڵێن حیزبێکی بچوکن!!. بەڵام کەوایە نهێنی ئەمە چیە کە ١٣ ساڵە داوای مۆڵەتی ئەم حیزبە "بچوکە" دەهێنرێت و دەبرێت، تەنانەت وەڵامی ڕەفزی مۆڵەتەکەیشی بەڕەسمی نادرێتەوە؟

*** ئێوە ڕاتانگەیاند موبادەرەیەکتان بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی نیشتیمانی، ئایا یەکێتی نیشتیمانی هیچ وەڵامێکی دانەوە؟ ئەم هەوڵەی ئێوە لەلایەن حەمیدی تەقوایی لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران بە دۆران لێکدرایەوەو ڕەخنەی توندی لێ گرتن، ڕەئیتان چییە لەم بارەیەوە؟**

– موبادەرەکەی ئێمە سیاسەت و هەڵوێستێك بوو ڕوو بەکۆمەڵگاو لە پەیوەند بە کۆمەڵگاوە، نەك دەربارەی پەیوەندی تایبەتی ئێمەو یەکێتی. یەکێتی لەو چەند ساڵەدا بەکردەوە نیشانیدا کە ئەو مەبەستی نییە، ئەو فەزایە بگۆڕێت کە بە هێرش بۆ سەر بارەگاکانی ئێمەو کوشتاری هاوڕێیانمان خولقاندویەتی. پاش موبادەرەکەی ئێمەش نەك هەر لەلایەن یەکێتیەوە نییەتێکی ئیجابی نیشاننەدراوە، بەڵکو وا دەردەکەوێ کە بەو سیاسەتەی ئێمە بۆ کۆتاییهێنان بەو بارگرژیە تووڕە بوون و خۆیان لێکەڕکردوە. ئەوان خۆیان ئەو فەزایەیان خولقاند و دەشیانەوێ هەروا بەردەوام بێت. بەمەش نیشانیاندا کە بەپێچەوانەی ئەوەی چەند ساڵە بەرامبەر بەو ڕەخنانەی لەلایەن خەڵکەوە لێیانگیراوە، دەیانوت حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری نایەوێ کێشەکە چارەسەر بکات، ئەوە خۆیانن نەك هەر ئەمەیان ناوێ، بەڵکو لە موبادەرەش تووڕەو نیگەران دەبن. تەنانەت خۆیان دەدزنەوە لە وەڵامی پرسیاری دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە لەم بارەیەوە لێیان دەکرێت. ئەو موبادەرەیەی ئێمە جارێکی دیکە پەردەی لەسەر سیاسەتی یەکێتی هەڵدایەوە.

ڕاستی هەر وەکو لەڕاگەیاندنەکەی من بۆ ڕای گشتی هاتووە، ئێمە ویستمان بە خستنەلاوەی ئەم بارگرژیە بوار بۆ دەخالەتێکی کارسازتر لە نەخشاندنی چارەنوسی کۆمەڵگاو نارەزایەتی جەماوەری بکەینەوە، بەتایبەتی کە لەو کاتەدا ئیسلامی سیاسی پەلەقاژەی ئەوەی دەکرد کە بە فروفیشاڵی دژی گەندەڵی سواری شەپۆلی ئەم نارەزایەتیانە ببێت. خۆشبەختانە ئەمڕۆ دروستی سیاسەتەکەی ئێمە بە قازانجی خەڵك و بزووتنەوەی جەماوەری خۆی نیشانداوە. بەتایبەتی لەم خرۆشانە جەماوەریەی ئەم دواییەدا، ئیسلامی سیاسی بەتەواوی بی دەورو دەخالەت مایەوەو حیزبی ئێمەش وەکو ڕەمزو ڕابەرو سازدەری سەرەکی نارەزایەتی جەماوەری لەپێناو خواستە ڕەواکانیان، خۆی نیشانی هەموو کۆمەڵگا دایەوە. ئەمە باشترین محەکی دروستی ئەو سیاسەتە بوو.

دەربارەی ئەوەی حەمید تەقوایی لەم بارەیەوە چی وتوە؟ ڕاستی نابێ قسەی ئەو بە جددی وەربگیرێت، ئەو سەری لە میکانیزمی کێشمەکێشی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەرناچێت و لێی نازانێت. چەندین جار ئەمەی بەکردەوە نیشانداوە. بۆیە ئەو لەو ئاست و دەورەدا نییە کە لەم بارەیەوە قەزاوەت بکات. ئەو شمشێر لە هەوا بادەدات و دەڵێ ئاڵای کۆمۆنیزمی کرێکاری لە کوردستاندا بەدەستی منەوەیە. بەڵام لە مەیدانی کۆمەڵگاو کێشمەکێشی خەڵك و دەسەڵاتدا نە جێگایەکی هەیەو نە قسەکانی بایەخێکیان هەیە. ئەوەتا کوردستان خرۆشاوەو ئەویش لە هیچ کونێکەوە دیارنییە.

بە هەرحاڵ هەرکەس دەتوانێ ببینی کە ئەم سیاسەتەی حیزبی ئێمە بەکردەوە نەك دۆڕان و پاشەکشەو تەسلیم بوون، بەڵکو تەکانێك بوو بۆ هاتنەوە مەیدان و دەورگێڕانێکی سیاسی و عەمەلی پێشڕەوانە، لەمەیدانی کۆمەڵایەتی و لەخەباتی جەماوەریدا.بۆ چەپی سوننەتی ئەگەر دەیان ساڵ لە پەراوێزی کۆمەڵگاوە قسەی بە ڕواڵەت ڕادیکاڵ بکات و ئیتر هیچ دەخالەت و دەورێکی لە کێشمەکێشی سیاسی و کۆمەڵایەتیشدا نەبێت، ئەگەر لەدنیای واقیعدا تاقە بەردێکیش جێبەجێ نەکات، مایەی سەرگەرمی و سەرمەستی و سەرکەوتنە، بەڵام بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری و حیکمەتیزم، پێوانە گیرانی دەوری عەمەلیە لە گۆڕینی کۆمەڵگادا بە سیاسەت و بەرنامەیەکی ڕادیکاڵ و کۆمۆنیستیەوە.

*** پەیوەندیتان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان چۆنە؟**

– هەرکات پێویست بووبێ لەپەیوەند بە مەسەلەیەکی دیاریکراوەوە دیدارو دانیشت لەنێوانمان ڕوویداوە، هەندێك جار بە تەوافق گەیشتوین هەندێك جار نەگەیشتوین. بەڵام هیچ کات ئەمە نەبووە بە پەیوەندێکی پایەدارو پێناسەکراو. ئێمە لە پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو لایەنەکان، بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خەڵك و ئازادی بۆمان پێوانەو بنەمایە. ئێستا پارتی حیزبێکی دەسەڵاتدارە لە کوردستان و خەڵك لە بەرامبەر ئەم دەسەڵاتەدا بۆ خواست و ماف و ئامانجەکانی خۆیان خەبات دەکەن، بێگومان حیزبی ئێمە لە سەنگەری ئەم خەباتە ڕاوەستاوە. هەروەها حیزبی ئێمە ئاسۆیەکی جیاوازو ناکۆکی لەگەڵ ئاسۆی ناسیونالیزمی کورد دەخاتە بەردەم کۆمەڵگاو تێدەکۆشێت ئایندەی کوردستان لەداوی ئاسۆی ناسیونالیستی ڕزگار بکات و بە ئاسۆی ئازادی و سکولاریزم و خۆشگوزەرانی ئایندەکەی بنەخشێنێ. بەم پێیە ئێمە لەسەر ئێستاو ئایندەی کوردستان لەگەڵ ئەحزابی حاکم لە کێشمەکێشداین. بەڵام ئەمە ڕێگا لەوە ناگرێت کە بەپێی ئەو بنەماو پێوانەیەی لەسەرەوە باسم کرد، بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی خەڵك، پەیوەندیمان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان لەوانەش پارتی ڕێکبخەین. هەرچەندە لە کوردستان دەسەڵات و حیزب بەتەواوی تێکەڵبوونە، بەڵام ئێمە دیسان دەتوانین پەیوەندی خۆمان لەگەڵ دەسەڵات و لەگەڵ ئەحزابی سیاسی دەسەڵاتدار، بەجیاواز لەیەکتری ڕێکبخەین. ئەمە تێڕوانینی ئێمەیەو ئەو دوای بەندە بە سیاسەت و مامەڵەو ڕەفتاری ئەوانەوە. هەر ئێستا ئێمە دوو مەلەفی گەورەمان لەبەردەم دەسەڵاتی پارتیدایە، یەکەم مۆڵەتی حیزب و دووەم شکاتێك کە لە یەکگرتوومان کردووە. مامەڵەی پارتی لەگەڵ ئەم مەسەلانە خۆی کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر پەیوەندی نێوانمان.

**تێبینی/ ئەمەی خوارەوە بەشێکە لەو گفتوگۆیەی سەرەوە کە لە کاتی بلاوکردنەوەی لە هەفتەنامەی میدیا پەریندراوە، لێرە وەکو خۆی بلاوی دەکەینەوە.**

***میدیا:*** بە بەردەوامی لە لایەن پارت و بالە نەتەوەییەکانەوە رەخنەتان لێ ئەگیرێت لە سەر ئەو سیاسەتەی لە بەرامبەر بە قەزیەی کەرکوك هەتانە، پرسیارەکەمان ئەوەیە کە ئیوە بۆچی ئەوەندە بەرگری لە عەرەبە هاوردەکان ئەکەن؟

***ریبوار ئەحمەد/*** سیاسەتی ئیمە بەرامبەر مەسەلەی کەرکوك، لە بنەرەتدا سیاسەتێکە بۆ چارەسەری ئەم کیشەیە بە شیوەیەکی ئینسانیو دور لە شەرو کوشتارو کارەسات بۆ دانیشتوانەکەی. سیاسەتی ئیمە تاقە سیاسەتێکە کە لە روانگەی خەلكو دانیشتوانی ئەم شارەوە دەروانیتە کیشەکەو چارەسەرکردنی. لە مەنتقو قاموسی ناسیونالیزمی کورددا، خەلكو خۆشیو شادیو بەرژەوەندیەکانی خەلك هیچ جیگایەکی نیە، ئەمە ئیتر راستیەکە کە بە تەجروبەی 15 سالی کوردستان سەلمیندراوە. مەبەستو مەرامی ناسیونالیزمی کورد، دەسەلاتی خۆیانە. ئەو پارتە نەتەوەییانەی باستان کرد، هەموو مەبەستەکەیان ئەوەیە دەیانەوێ هەمان ئەو دەسەلاتە گەندەلەی کە خەلکی کوردستان لە دژی هاتونەتە مەیدان، بەسەر کەرکوکیشدا بسەپینن. ئەمەشیان ناوناوە دەرمانی دەردی خەلكو کیشەی "دلو قودسی" کوردستان. بۆ ئەم مەبەستەش بە پیچەوانەوەی ئیمەوە بەردەوام سیاسەتی ئاگرخۆشکردنی شەری قەومی دەگرنەپیشو دەیانەوێ لە ریگای ئەم شەرە کۆنەپەرستانەیەو خولقاندنی کارەساتیکی گەورەی ئینسانیەوە، ئەم شارەش بکەنە مەیدانیکی تری تالانوبرۆی دەسەلاتی خۆیان.

سیاسەتێک کە ئیمە گرتومانەتە بەر، دەتوانم بلیم لە پیشدا بە قازانجی خەلکی کوردزمانە، بەلام ناسیونالیزمی کورد بۆ هەلخراندنی هەستی خەلك تەنها وەکو بەرگری لە عەرەبە هاوردەکان دەیناسینێ. بۆ ئەوەی لە ناوەرۆکی ئینسانیو حەقانیەتی ئەم سیاسەتە بگەین، پیویست دەکات لەودیوی هەراوهوریای چەواشەکارانەی "قودسو دلی کوردستان"ەوە تەماشای وەزعی خەلکی ئەم شارەو کیشەکانیان بکەین. بۆ ئەوەی ببینین کە چ جەهەنمیك بۆ خەلکی ئەم شارە سازکراوەو چۆن خەریکە دانیشتوانەکەی لە تاو نائەمنیو مەرگەسات، بە لیشاو چۆلی دەکەنو جەلال تالەبانیش بە خیانەت تاوانباریانی کرد.

بۆ حیزبیك کە ئینسانیەتو خەلك بنەمابیت بە ئاسانی دەتوانی ببینێ کە ئیستا کیشەی کەرکوك وەکو بۆمبیکی تەوقیتکراو وایە، هەرکاتیك بتەقیتەوە بە هەزاران ژنو پیاو، گەورەو مندال دەبنە قوربانی. هەرکات بتەقیتەوە شەو و رۆژ لە هیچ گۆشەو کەناریکی ئەم شارەدا، هیچ ئارامیو ئەمنیەتیك بۆ خەلك نامینیتەوە. کوشتارگاو شەری پاکسازی قەومی دەست پیدەکات. ئەمەش کارەساتیکە کە هەر وەکو خەلکی عەرەبزمانو تورکزمان هەرەشە لە خەلکی کوردزمانیش دەکات. پرسیار ئەوەیە کە چ سیاسەتو ریگاچارەیەك بگیریتەبەر بۆ ئەوەی بەر لەم کارەسەتە بگیرێ، بۆ ئەوەی ئەم هەموو خەلکە نەبن بە قوربانی؟ بەشی خەلکی کوردزمان لەم کوشتارو کارەساتە کەم نابیت، بۆیە هەتا ئەگەر لایەنیك کە بەراستی تەنها لە روانگەی بەرژەوەندی واقعی خەلکی کوردزمانی کەرکوکیشەوە چاو لەم مەسەلەیە بکات، دەبی ریگایەك پیشنیار بکات کە بەربگرێ لەم شەرو کوشتارە. ئەو حیزبانەی کە ئەمەیان بۆ مەسەلە نیەو

سیاسەتی پیچەوانەی ئەمەیان هەیە، تاوانبارو دژی ئینسانیو بە واقعیش دژی "کوردن"و بەرپرسن لە خوینی ئەو خەلکەی لە چوارچیوەی گیرەوکیشەی قەومیدا دەبنە قوربانی.

ئەگەر ئاگری ئەم شەرە گلپەبگریت، وەکو خەلك نە خەلکی کوردزمانو نە عەرەبزمانو نە تورکزمان، هیچیان هیچ قازانجیکی لی ناکەن، هەموویان زەرەر دەکەنو دەبنە قوربانی. خوینی ئەوان دەبیت بە کورسی دەسەلات بۆ ئەو دەستەوتاقمە قەومیو ئیسلامیە کوردو تورکو عەرەبانەی کە سیاسەتیان ناکۆکی توندی هەیە لەگەل بەرژەوەندی خەلك. فروفیشالەکانیان بە ناوی کوردایەتیو عروبەو تۆرانچیتیەوە، تەنها بۆ فۆیودانی خەلكو بە کوشتدانی خەلکە، ئەوانە هەموویان شل لەوە ناکەنەوە کە لەسەر داواکردنی چەند لیتر بەنزینو ئاوو چەند سەعات کارەبا، تەقە لە هاوزمانەکانی خۆیان بکەنو بیانکوژن. نمونەکانی هەر ئەوەیە کە ئیستا لە کوردستانو لە شارەکانی عیراقدا تەجروبە دەکریت. ئەم شەرە شەری هیزە قەومیو ئیسلامیەکانە لەسەر دابەشکردنی داهاتو دەسەلات، بەلام دەیانەوی بە ناوی خەلکەوە بیکەنو خەلك بکەن بە سوتەمەنی بۆی.

یەکیتیو پارتی وەکو هەمیشەو لە کاتیکدا خەلك خەریکە لە کوردستان دەریان دەکەن، خۆیان کردوە بە خەمخوۆری کوردی کەرکوكو دەیانەوێ ئەم خەلکە بکەن بەلەشکری رەشی شەری خۆیان، لەولاشەوە کۆمەلیك سەرەك عەشیرەتو تاقمی ناسیونالیستی عەرەبی خۆیان کردوە بە خەمخۆری خەلکی عەرەبزمانو دەیانەوێ بۆ شەری خۆیان لەسەر دەسەلات چەکداریان بکەن، لەلایەکی تریشەوە تاقمە ئیسلامیە شیعەکان دەیانەوێ لە شیعە مەزهەب بوونی بە شیك لە تورکزمانەکانو عەرەبزمانەکانی کەرکوك کەلکی خۆیان وەرگرنو بۆ شەری خۆیان چەکداریان بکەن. بۆ ساتیکی کورت لە روانگەیەکی ئینسانیەوە چاو لەم سیناریۆیە بکریت دەردەکەویت چ پیلانیکی دژی ئیسنانی لە دژی خەلکی ئەم شارە بەریوەیەو چۆن ئەم هیزانە لە یاری شەترەنجی نیوان خۆیاندا، خەلکی ئەم شارە دەکەن بە سەربازو داشبەداشیان پێدەکەن. ئەمە یاریەکی حەقیرانەیە بە ژیانو چارەنوسی خەلکەوە دەکریت.

ریگاچارەکەشی هەر ئەوەیە کە دانیشتوانی ئەم شارە ئەم ناسنامە دواکەوتوانە قەومیو دینیانە تورهەلدەنو لەسەر بناغەی ناسنامەی هاوبەشی ئینسانیان، دەستی یەك بگرن بۆ بنیاتنانی ژیانیکی شادو ئارامو دور لە شەرو کوشتار. ئەمە بنەمای سیاسەتی ئیمەیەو لەسەر ئەم بنەمایە ریگاچارەمان بۆ چارەسەری ئەم کیشەیەو لایەنە جۆراوجۆرەکانی خستوەتەروو، پیشتر ناوەرۆکی ئەم ریگاچارەیەم بۆ رۆژنامەی میدیا روونکردوەتەوەو لیرەدا کاتی ئیوە بە دووبارە کردنەوەی ناگرم. من دەلیم ئەم سیاسەتو ریگاچارەیە لە پیشدا بە قازانجی خەلکی کوردزمانەو تاقە ریگاچارەشە کە بە راستیو واقعی بە قازانجی ئەم خەلکە بیت. برۆن بیخویننەوە لێی وردبنەوە، ئەوانەی پیتان دەلین وانیە دەیانەوێ خەلك فریوبدەنو خەلك بکەنە پێپیلکانەی بۆ ئەوەی بەسەر شانیاندا سەرکەون بۆ سەر کورسی دەسەلاتی داسەپاو بەسەر خودی ئەو خەلکەدا. ئیتر خەلك نابیت بەم فروفیشالە پوچە فریو بخۆن.